2005-9-18 سوید

## ژنە پێشمەرگەی کورد ... ئاسۆ بیارەیی

با سەرتاپای خاک تەزو دایگرێت، با گەڵاکانی پایز بەرگی ڕەش بپۆشن، فرمێسکەکانیان تێکەڵی زرێباربکەن، دایکێک دایکێکی مەزن، نیاگاکانی لەیەك ناوە، بەڵێ ئەمڕۆ لە ئەلبومی خاکێکی نامۆدا، دڵی ژنە پێشمەرگەیەک وەستا، بەڵێ! هەردڵی بوو، تەنێ دڵی بوو، بەڵام بە زیندو و نەمر ناونرا.

کێ دەڵێ ئێمەت بەجێ هێشتووە؟ ئەی ئەوە نییە لایە لایەت ئاسمان و ڕیسمان دەتاسێنیت،
بۆ شەوی بەراتێ، زارۆکان پۆل پۆل چاوەڕێی بەخشینەوەی نوقوڵە گۆرانی تۆ دەکەن
کێ دەڵیت نەماوی، تۆ مانگەشەوی سابڵاخیت و تریفەت بە سەر شان و ملی چوارچرادا پەخشان کردووە
قازی چاوی لێتە و بۆکان و نەغدە مەستی حەیرانتن
ئۆخەی ژنە پێشمەرگەی کۆمەڵە میوانمانە ئە مشەو،
گەورەو بچووک، وا هات، وا هات ژنە گیڤارای کورد هات، فەرەنجی لە کۆڵ هات، ئاڵایەکی سێ ڕەنگیشی پێیە
شار هەمووی بێدارە، لە نەغدە وە نەڕەت دەنگ دەداتەوە.
ئەمشەو دیسان
ژنە پێشمەرگەی کوێستان، لە نێو مۆڵگەی پاسدار و ئاخوندا، نەورۆزدەکاتەوە، چ ئاگرێ. .
ئەی ژنە پێشمەرگە! نەک تەنها مەریوانی داگیرکراو، لە ئامەدە تاکو قامیشلی و هەورامان، لە بەرزترین کێوی بەفرین، لە پاڵ نۆ نەمامی بناری سورێن و شنروێوە، لە باباگوڕگوڕی دڵ بەسۆوە، لە ئاراراتی سەربڵندەوە، لەکوێوە تۆ دەچڕی، گوێمان لە دەنگتە، ئەی ئاگرە نەکوژاوەکەی شار،
ئەی دڵی دایکانی کوڕ لە کێوان! هەناوی کۆیلان!
نەک ووشەکانت، هەناسەت دۆزەخی بۆ داگیرکەران داخستووە.
تۆ! نەک بە تەنها قارەمانێکی، تۆ پۆلێک پێشمەرگەیەت، داستان دەخوڵقێنیت.
لە نێو ڕێچکەکانی ئارێزو پیرەمەگروندا دەتبینین، تفەنگێکت لە شانە و سرودی ئەی ڕەقیب فێری منداڵان دەکەیت، چاوەکانت کردوەتە ئامێزێکی گەرم و کوردستانت لە خۆت ئاڵاندوە.
گوێمان لە هەڵمەتی سرودتە، کە چۆن ئاخوندانی سەربەمێزەرو باڵای ژێرعەبا قاو دەدەیت، هاوار دەکەیت: بڕۆن. . خاکم بە دوعا و ئاینتان گڵاو مەکەن!
وا سەرپۆشت فڕیداوە و دەستت لە هەرچوار پارچەکەی نیشتیمان گیرکردووە
یان کوردستان یان نەمان